# حزبو ئەندامانی

مرۆڤ لە تەمەنێكی دیاریكراودا دەتوانێ بچێتە ریزی حزبو دونیای سیاسەت، هەروەها دوای تەواو كردنی ماوەی پالێوراوی، ئەگەر مەرجەكانی ئەندامێتی تێدا بێت ئەوسا دەبێتە ئەندامی حزب. ئەندامیش ئیلتزاماتی لە ئەنجامدانی ئەركو داكۆكی كردن لە مافەكانی خۆیدا هەیە. بەر لە هەموو شتێ دەبێ بزانێ كە حزبایەتی بڕیارێكی ئارەزوومەندانەیەو لەو رێگەیەوە دەتوانێ خزمەت بە ئامانجو مەبەستەكانی گەلو نیشتمانەكەی بكات. هەر كاتێ ئەندامانی حزبو بە قەناعەتو بڕوایەكی پتەو گەیشتە واتاو پێناسەی حزب لە ئارەزوومەندێتیو گیانی دیموكراسییو هەست كردن بە لێپرسراویو چۆنیەتی كۆشش بۆ دواڕۆژێكی گەشو رووناكو هەستكردن بە گیانی لەخۆ بووردن، ئەو كاتە دەبێتە حزبیەكی چالاكو هەموو توانای خۆی بۆ سەرخستنی حزبو پەیڕەو كردنی بەرنامەو پرۆژەكانی دەخاتە گەڕ. هەروەها ئەندامی خەمخۆرو بە توانا دەگاتە پلەی كادرو سەركردایەتی.

بێگومان هەر حزبەو مەرجی تایبەتی هەیە بۆ بوون بە كادرو گەیشتن بە پلەی سەركردایەتی، بە بڕوای حزبمان، ئەم مەرجانە پێویستن هەروەك ریزیان دەكەین (دڵسۆزی، بوێری، زیرەكی). هەندێ حزب زیرەكیو پلەی خوێندەواری دەكەن بە مەرجی یەكەم، بەلام ئێمە پێمان وایە بەر لە هەموو شتێ دڵسۆزی، چونكە ئەندامی دڵسۆز لەخۆبووردووانە هەوڵی سەركەوتنی حزب دەدات، ئەوەی بۆ حزبو بەرژەوەندی چینو گەلو ولاتەكەی دڵسۆز نەبێت ئامادە نابێت خۆی هیلاكو ماندوو بكاتو، ناتوانێ هەوڵی پێشخستنو سەرخستنی بدات. لەو مەیدانەشەوە زۆر كەسمان دیون كە لە رووی سیاسەتەوە زیرەكو لە وتاردانداا نەوەستاو بوونە، بەلام چونكە بۆ حزبو چینو فكرەكەیان دڵسۆز نەبوونە، ئەوا وەك گوڵەبەڕۆژە بەدوای بەختو هەتاوی هەڵهاتوودا گەڕاون سەنگەر گۆڕینو بادانەوەیان لا شتێكی ئاسایيو ئاو خواردنەوە بووە. هەبووە بە زاناو لێهاتوو ناسراوەو شانازایشی بەوە كردووە كە مرۆڤێكی یەكسانیخوازەو پەیڕەوی لە تیۆری سۆسیالیستی زانستی دەكات، بەلام لە عەمەلدا نەك هەر نیشتمانپەروەرو مرۆڤ دۆستێكی ئاسایی نەبووە، بەڵكو گورگ ئاسا لە پێستی مەڕدا بووەو رەنجی هاوڕێكانی بۆ گیرفانی خۆی ماشیوەتەوەو خوێنی هاوڕێ شەهیدەكانیشی كردۆتە بەردەبازی گەیشتن بە پلەی سەركردایەتی.

ئێمە پێمان وایە یەكێتی ریزەكانی حزبو گەشەپێكردنی بە تەنیا ئەركی سەركردایەتی نیە بەڵكو ئەركی هەر ئەندامێكە كە پارێزگاری لە یەكێتی ریزەكانی حزب بكات بیپارێزێو هەر كاتێ هەستیشی كرد ریزەكانی حزب لە مەترسیدایە، بە زووترین كات سەركردایەتی لێئاگادار بكاتەوەو خۆشی بۆ پتەو كردنەوەی تێبكۆشێ.

هەروەها سەركردایەتی نابێ ئەو رامانانە بشارێتەوە كە هەندێ سەركردەو كادر هەیانەو دەیانەوێ حزب بەرەو ئاقارێكی دیكە ببەن.

جار هەیە رامانی ئەو كەسە، یان ئەو كەسانە راستترو باشترە بۆ گەشەی حزب. چونكە لە سەرێكەوە ئەو رێبازە رووی گەشی دیموكراسی ئەو حزبە دەردەخاتو لەسەرێكی دیكەشەوە بنكەكانی حزب لە مەسەلەكە تێدەگەنو بڕیاری لێدەدەنو داكۆكی لە یەكێتی ریزەكانی حزب دەكەن. لە راستیدا ئۆكسجین چەندە بۆ ژیان گرنگو پێویستە، یەكێتی ریزەكانی حزب، یەكێتی هزرو كردەوەش هێندە گرنگو بایەخدارە بۆ گەشەو سەركەوتنی حزب.

زۆر پێویستە كە هەموو ئەندامان بەو گیانە پەروەردە بكرێنو بڕیارەكانی حزب بە سنگی فراوانو بە گیانی وەرزشوانیەوە وەربگرن، جا چ بڕیارەكە ئیجابی یان سلبی بێت بۆ ئەو ئەندامە. دەبینین كاتێ ئەندامێكی حزب بەرز دەكرێتەوە بۆ پلەیەك، ئەوا دەست لە سینگ رادەوەستێو سوێند دەخوات كە دڵسۆزو گوێ رایەڵ بێت، بەلام كاتێ لەبەر كەمو كوڕی رۆژانە، یان لەبەر شیاوبوونی ئەندامێكی دیكە، ئەو پلەكەی لەدەست دەدات، ئەوا هەر ئەو ئەندامە دەكەوێتە بیانوو دڕودۆنگیو ناڕەزایی دەربڕین، دەبێ رزگاری بەسەر ئەو دیاردەیە زاڵ بێتو بنبڕی بكات، گەرەكە ئەندام بە گیانی حزبیانە گۆش بكرێتو باوەڕی پێبكرێت، هەر كاتێ بەرز كرایەوە، یاخود

دابەزێزرا، دەست لە سینگ رابوەستێو بڕیارەکە بە ئاسایی وەربگرێتو دڵسۆزی خۆی بۆ حزب نیشان بدات. هەمووومان دەبینینو دەبیسین کە فلانە کەس لە فلانە حزب نەماوە چونکە دابەزێنراوە یاخود پلەکەی لێسەندراوەتەوە. ئێمە هەق بەوانە دەدەین کە لەبەر جیاوازی بۆچوون، یان لەبەر بێتوانایی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوەخۆ، دەگەنە ئەو باوەڕەی کە ئیتر حزب ناتوانێ ئەو رۆڵە بگێرێ، ئەو کاتە حزبەکەیان جێ دەهێڵنو دەگەنە حزبێکی دیکە، بەڵام ئەوانەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان حزب گۆڕی دەکەن، ئەوا سوودیان بۆ حزبە تازەکەش نابێت، بۆیە پێویستە ئێمە رزگاری تۆکمەو تەکووز لەسەر ئەو خاڵە بکەینو هەڤاڵانی خۆمان بەو گیانە پەروەردە بکەین، کە کێماسی حزب بکرێ بە پەند بۆ ئەوەی گەشە بە حزب بدرێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەرکی هەر ئەندامێکی حزبە کە رێگە لە فراوانبوونی بنکەکانی حزب بگرێت، ئەگەر ئەو فراوان کردنە لەسەر بنچینەی تێکدانی بنەماکانی حزبایەتی بێتو مەترسی داڕمانی لێبتەکێتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر دیترا فراوانبوونی بنکەکانی حزب لەسەر حسابی دیسپلینو بڕیارەکانی حزبو کار دەکاتە سەر شیرازەی رێکخستن، ئەو کاتە مافی هەر ئەندامێکە راو سەرنجەکانی خۆی بخاتە بەرچاو سەرکردایەتیو داوای راگرتنی ئەو فراوانبوونە بکات.

رێکخستنی بڕبڕەی حزبو ئەندامیش بڕبڕەی بەرەو پێشەوە بردنی رێکخستنە، جار ئەندام ئەرکو مافی یەکسانی هەیە، واتە مافی ئەندام پەیوەستە بە ئەرکو چالاکیەکانی. بۆ نموونە کەسانی وا هەن کە تەمەنی خەباتو حزبایەتیان زۆرە، بەڵام سستو کەم جوڵەن، بێبەرهەمو کەم توانان کەچی داوای پلەی بەرزو زێدە ماف دەکەن، یاخود کەسانێ هەن کە تەمەنی حزبایەتیان کەمە، بەڵام گوڕوتینی خەباتیان زۆر تێدایەو پڕ بەرهەمو چالاکن، لەو حاڵەتەدا پێویستە چالاکو پڕ بەرهەمو بە توانا کە بکرێتە پێشەنگ بۆ فراوانکردنی حزبو پێسپاردنی پلەو کاری حزبی، لە هەمان کاتدا دەبێ خەباتو مافی ئەو ئەندام لەبەرچاو بگیرێو بپارێزرێ کە مێژووی خەباتو حزبایەتی زۆرە، بەڵام سستو بێتوانایە.

لە کۆتاییدا دەڵێن ئەندامی رزگاری دەبێ جیاوازیەکی تەواوی هەبێت لەگەڵ خەڵکانی دیکە، گوێ رایەڵانە بڕیارەکانی حزب جێبەجێ بکاتو چاویش لە مافەکانی نەپۆشێ، هەروەها بەرژەوەندی باڵای گەلو نیشتمان بخاتە سەرووی بەرژەوەندی حزبو، بەرژەوەندی حزبیش بخاتە بان بەرژەوەندی خودی خۆی، بەڵام پێویستە داکۆکی لە مافەکانی خۆیدا بکات، چونکە ئەوەی نەتوانێ داکۆکی لە مافەکانی خودی خۆیدا بکات ئەوا ناتوانێ داکۆکی لە حزبو گەلەکەی بکات.